
# خوێندنەوەیەک بۆ کۆمەڵە چیرۆکی«دنیا سێ پیتە»



**محەمەد کەریم**

---

**ناسنامەی کتێب: کۆمەڵە چیرۆکی«دنیا سێ پیتە»، مەحموود نەجمەدین، چاپەمەنی خانی، سەقز ١٣٩٨.**




**ISBN: 9786008514725**

**Website: [www.kurdishbookhouse.com](http://www.kurdishbookhouse.com)**

**Telegram: [https://t.me/kurdishbookhouse](https://t.me/kurdishbookhouse)**

تایبەت بە ماڵی کتێبی کوردی

www.kurdishbookhouse.com

مەحمود نەجمەدین ئەو چیرۆکنووسە گەنجەیە کە لە ساڵی (2002) یەکەم چیرۆکی لە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ بڵاوکردۆتەوە، لەوساوە بە بەردەوامیی دەنووسێت و بڵاودەکاتەوە، واتە حەڤدە ساڵە بە بەردەوامیی دەنووسێت و بڵاودەکاتەوە. یەکەم بەرهەمی وەکو کتێب رۆمانی «خۆکوژی»یە کە لە ساڵی (2007)دا چاپبووە و لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری شارە. دووەم بەرهەمی کۆمەڵە چیرۆکی «هاوشێوەکانی سەلیم جەوودەت»ە کە لە ساڵی (2011)دا بڵاوبۆتەوە و لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیرییە. سێیەم بەرهەمی کۆمەڵە چیرۆکی «پاسەکەی گورون»ە کە لە ساڵی (2017)دا بڵاوبۆتەوە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی دیالۆگە. چوارەم بەرهەمی رۆمانی «پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە»یە کە لە ساڵی (2018)دا لەسەر ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان چاپبووە. پێنجەم بەرهەمی کۆمەڵە چیرۆکی «دنیا سێ پیتە»یە کە لە بڵاوکراوەکانی چاپەمەنی خانییە لە سەقز و ئەمساڵ (2019) بڵاوبۆتەوە.

هەندێ سەرنجی گشتی:

لەم نووسینەدا دەمەوێ قسە لەسەر کۆمەڵەچیرۆکی «دنیا سێ پیتە»بکەم کە کتێبێکی قەوارە بچووکە و نۆ چیرۆکی لە خۆگرتووە، (168) لاپەڕەیە و تازە خەریکە لێرە لە باشووری کوردستان بڵاودەبێتەوە. ئەگەرچی من پێشان هەموو چیرۆکەکانی ئەم

www.kurdishbookhouse.com

کۆمەڵەچیرۆکەم تاك تاك خوێندۆتەوە و سەرنج و تێبینیی خۆشم بە چیرۆکنووس وتوە، بەڵام حەزم کرد وەکو کتێبیش هەموو چیرۆکەکان پێکەوە بخوێنمەوە، چونکە خوێندنەوەی کتێب چێژی تایبەتی خۆی هەیە و دەبێت کاتێکی باشیشی بۆ تەرخان بکەیت، جیاوازە لەوەی بە کاغەز یان بە دەستنووس بیخوێنتەوە. دیارە پێشان ئاگاداری ئەوەشم کە هاوڕێم مەحمود نەجمەدین بە نیاز بوو ئەم کۆمەڵەچیرۆکە پێکەوە چاپ بکات و لەم بارەیەوە دەستخۆشی لێدەکەم و ئیشەکەی لە جێی خۆیدایە.

ئەوەی بەلای منەوە جێگای سەرنج و مایەی دەستخۆشییە ئەوەیە چیرۆکنووس بە درێژایی کتێبەکەی توانیویەتی لەسەر یەك هێڵ ئیش بکات و نەهێڵێت کۆنترۆڵی ئەو هێڵەی لە دەست دەربچێت و تاڕادەیەکی زۆر یەکێتی بابەتی لەم کۆمەڵەچیرۆکەدا ڕەچاو کردووە و پاراستوویەتی، کە بریتین لە چیرۆکی ترسناك یان چیرۆکی دنیای سەیر و سەمەرە کە تاڕادەیەکی زۆر لە دنیای واقیعی ئێمە جیاوازن. ئەمەش خاڵێکی گرنگە کە چیرۆکنووس بتوانێت بە درێژایی کتێبێك هێڵی ئیشکردنی خۆی بپارێزێت و لێی لانەدات. دیارە ئەوەی لەم ئیشەیدا چیرۆکنووس پشتی پێبەستووە گێڕەرەوەیەکە هەندێ جار بە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك و هەندێ جاریش بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك بە هاوکاری «سیدرا»ناوێك کە هاوڕێ یان دۆستی گێڕەرەوەیە، واتە لە سەراپای چیرۆکەکاندا ڕاناوی کەسی دووەم

www.kurdishbookhouse.com

بەکارنەهاتووە، بێگومان وەکو خوێنەر نازانین ئەمە بە ڕێکەوتە یان چیرۆکنووس خۆی نەیوستووە ئەو راناوە بەکاربهێنێت.

لە رووی زمانەوە، بێگومان زمانی نووسینی ئەم کۆمەڵەچیرۆکە تاڕادەیەکی زۆر جیاوازە لە زمانی نووسینی کۆمەڵەچیرۆکی «پاسەکەی گورون» و تاڕادەیەکیش جیاوازە لە زمانی رۆمانی «پیاوەکان بە خەونیش نەگەڕانەوە» مەبەستم لەم جیاوازییە ئەوەیە وێڕای ئەوەی فەرهەنگی نووسینی چیرۆکنووس دەوڵەمەندتر و فراوانتر بووە، دنیای ترسناك و سەیر و سەمەرەش زمانی تایبەتی خۆی دەوێت و چیرۆکنووس لەم رووەوە خۆی ماندوو کردووە و ماندووبوونەکەشی بە خەسار نەچووە و بەردار بووە. من ئەمە وا لێك دەدەمەوە کە چیرۆکنووس لەو راستییە تێگەیشتووە کە بنەمای سەرەکی دەقی ئەدەبی زمانە و بە بێ زمانێکی بە هێز و پاراو مەحاڵە بتوانێت دەقێکی سەرکەوتوو و نەمر بنووسێت، ئەوەی من رۆژانە لەم هاوڕێ چیرۆکنووسەمی دەبینم خۆماندووکردن و هەوڵی بەردەوامە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی نووسینی خۆی و هەست دەکەم لەم بوارەدا ماندوو نەناسە بۆیە ئاساییە کە هەست بکەین وردە وردە زمانی بەقوەتتر دەبێت.

یەك بە یەکی چیرۆکەکان:

لێرەوە دەمەوێت بە پێی زانیاریی خۆم سەبارەت بە دنیای چیرۆك قسە لەسەر یەك بە یەکی چیرۆکەکان بکەم و سەرنجی خۆمی لەبارەوە بنووسم:



www.kurdishbookhouse.com

چیرۆکی یەکەم: چەکەرداسی قزە:

ئەم چیرۆکە بە کەسی سێیەمی تاك گێڕدراتەوە، گێڕەرەوە زۆر باسی شێوەی دەرەوەی کارەکتەرە سەرەکییەکەی دەکات و تاڕادەیەکیش بێڕەحمانە باسی دەکات، بە شێوەیەك کە ئەم باسکردنەی شێوەی دەرەوەی کارەکتەرەکە لەگەڵ ناخە پاکەکەی کارەکتەرەکەدا هاوسەنگ نییە، واتە گێڕەرەوە بێلایەنی خۆی لە دەستداوە و ئەوەندەی قسەکانی لەسەر لەش و لاری کارەکتەر چڕ دەکاتەوە لەسەر ناخە پاکەکەی چڕی ناکاتەوە. ئەوەی لەم چیرۆکەدا گرنگە ئەوەیە کە بەدوای رووداوەکاندا راتدەکێشێت و نایەڵێت لە کاتی خوێندنەوەیدا بێزار بیت و خەیاڵت بڕوات. دواجار ئەم چیرۆکە زیاتر لەوەی ترسناك بێت لەناو دنیایەکی سەیر و سەمەرەدا روودەدات و لە کۆتاییدا دەبێتە چیرۆکێکی کۆمیدی یان تەنز.

چیرۆکی دووەم: کەللە زراو:

گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە بە کەسی سێیەمی تاك یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی فەزای چیرۆکەکەمان بۆ بگوێزێتەوە و هەستی پێبکەین، هەر لە سەرەتاوە هەست بەو فەزا ساردە دەکەین و تەزوو بە گیانماندا دێت و هێدی هێدی بەرەو دنیا ترسناك و بوونەوەرە ترسناکەکان پەلکێشمان دەکات. بێگومان ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی ترسناکە و خوێنەریش لەگەڵ خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا کاتێك بوونەوەرە ترسناکەکان دێنە ئاراوە لەگەڵ ئاڤار واتە کارەکتەری سەرەکی

چیرۆکەکەدا هەست بە ترس دەکات، ئەگەرچی ئاڤار لە بوونەوەرە ترسناك و شێوە سەیرەکان دەترسێت، بەڵام ئەوان لە ئاڤار ناترسن و لە شێوازی قسەکردن و رەفتاریانەوە چیرۆکەکە بەرەو کۆمێدیا دەچێت. ئەم چیرۆکەش بە خێرایی دەگوزەرێ و خوێنەر بە شەوقەوە دوای رووداوەکان و شتە کوت وپڕەکان دەکەوێت.

چیرۆکی سێیەم: بەڵای سەرشین

ئەم چیرۆکەش بە کەسی سێیەمی تاك نووسراوە، لێرەدا کۆمەڵێ باڵندەی سەیر و سەمەرە دەبنە ملۆزمی سەری کارەکتەری سەرەکی چیرۆك و هەتا کەرکوك راوی دەنێن و لەوێش لە کۆڵی نابنەوە، ئەگەرچی کارەکتەری سەرەکی چیرۆك ئاشنای دنیای باڵندە و پەلەوەرە و سەراپای ژیانی لەگەڵ پەلەوەر و باڵندە و مامەڵە لەگەڵ باڵندە و پەلەوەردا بەسەر بردووە، بەڵام کۆمەڵێ باڵندەی سەیر و سەمەرە لێی دەبنەوە ملۆزم و نایەڵن جێ بە خۆی بگرێت. ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی ترسناکە و مچوڕکە بە گیانی خوێنەردا دەهێنێت. ئەم چیرۆکە لە سەرەتادا خاوە و ئاسایی دەگوزەرێ، بەڵام لەگەڵ گۆڕینی شوێندا رەوتی چیرۆکەکەش خێرا دەبێت و خوێنەر لەگەڵ خۆیدا دەبات و بەدڵ حەزدەکات بزانێت ئەو کارەکتەرەی لە ترسی باڵندە نازانێ لە کوێ ئارام بگرێت چی بەسەر دێت.

چیرۆکی چوارەم: بۆرچیل و مۆرە:

www.kurdishbookhouse.com

گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە لە رێگەی دوو راناوەوەیە، هەم کەسی سێیەمی تاك هەم کەسی یەکەمی تاك یان مەنەلۆج. ئەم چیرۆکە جوانترین چیرۆکی ئەم کۆمەڵەچیرۆکەیە و بە جۆرێك خوێنەر بە خۆیەوە شەتەك دەدات بۆ ساتێك ناتوانێت لە رووداوەکانی دابڕێت، هەستی خوێنەر لەگەڵ هەستی کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەدا جووت دەبێت و خوێنەریش لەگەڵ کارەکتەری سەرەکیدا دەکەوێتە دڵەڕاوکێ و ترس دەچێتە گیانییەوە و چاوەڕێیە بزانێت کارەکتەری سەرەکی تووشی چ نەهامەتییەك دەبێت. ئەم کورتەچیرۆکە بەمانای تەواو کورتەچیرۆکە و هیچ زیادییەکی تێدا نییە و رستەکان چڕ کراونەتەوە و وشە و رستەی زیادی تێدا نییە، کۆتایی چیرۆکەکەش دراوەتەوە دەست هەستی خوێنەر و خوێنەر دەتوانێت کۆتایی چیرۆکەکە دیاری بکات، واتە کۆتایی چیرۆکەکە کراوەیە و خوێنەری جیاواز دەتوانێت خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکات و بەپێی خەیاڵی خۆی کۆتاییەکەی بۆ دەستنیشان بکات.

چیرۆکی پێنجەم: منداڵەکەی زامبیا:

ئەم چیرۆکە کەسی یەکەمی تاک دەیگێڕێتەوە، نازانین بۆچی کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە شەو بێدارە و خەوی لێناکەوێت، وردە وردە بەرەو رووداوی چیرۆکەکە پەلکێشمان دەکات. چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا جیاواز لە هەموو چیرۆکەکانی تری کتێبەکە، رووداوی چیرۆکەکەی لەگەڵ رووداوی فیلمێکی سینەمایی تێکەڵ دەکات کە نازانین کام فیلمەیە و لە رووداوێکی هاوشێوەی فیلمەکەدا رووداوی

www.kurdishbookhouse.com

چیرۆکەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەم چیرۆکەش خوێنەر بەرەو ڕووداوەکانی رادەکێشێت و بە دڵەڕاوکێوە لەسەر خوێندنەوەی چیرۆکەکە بەردەوام دەبێت. ئەم چیرۆکە زیاتر لەوەی چیرۆکێکی ترسناك بێت چیرۆکێکە کە رووداوی سەیر و سەمەرەی تێدا روودەدات و منالێکی سەیری تێدا لە دایك دەبێت.

چیرۆکی شەشەم: کفن دڕ:

ئەم چیرۆکە بە راناوی کەسی یەکەمی تاك گێڕدراوەتەوە، لەبەرئەوەی کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە لە جێگایەکدا خۆی قایم کردووە و لە ترسی گیانی خۆی ناتوانێت قسە بکات، بۆیە حوکمە کە بە شێوازی مەنەلۆج چیرۆکەکە بگێڕێتەوە، واتە بەبێ ئەوەی رەچاوی خوێنەر یان گوێگر بکات، چیرۆکەکە لە حالی حارزدا دەگێرێتەوە، بەڵام ئەم مەنەلۆجە هەتا کۆتایی چیرۆکەکە بڕ ناکات و کاتێك لەناو دارەمەیتەکە دێتە دەرەوە و خەڵکەکە هەموو زارەترەك دەبن و رادەکەن و ئەویش بەڕاکردن دوایان دەکەوێت، ئەوسا هەست بەوە دەکەین کە رووی دەمی لە خوێنەر یان گوێگرە. ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی جوان و کاریگەرە و خوێنەر بە شەوقەوە دوای رووداوەکان دەکەوێ. هەرچەندە رووداوەکانی لە سەرەتاوە ترس دەخەنە دڵی خوێنەرەوە، بەڵام کۆتاییەکەی بەرەو کۆمیدیا دەچێت بە تایبەتی ئەو کاتەی باسی مەلاکە دەکات. کۆتایی چیرۆکەکە بە کراوەیی ماوەتەوە و بۆ خەیاڵی خوێنەر بەجێهێڵراوە نازانین مێردەکەی ساوێن مرد یان بوورایەوە؟

www.kurdishbookhouse.com

چیرۆکی حەوتەم: بەلاقی موفەرەح رادەکات:

ئەم چیرۆکەش بە راناوی کەسی یەکەمی تاك گێڕدراوەتەوە، کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە کەسێکی راکەرە دوای ئەوەی لە راکەرەکانی هاوڕێی دادەبڕێت دەکەوێتە ناو دنیایەکی ترسناك و سەیر و سەمەرەوە. کۆمەڵێك ژنی سەیر و سەمەرە دەبینێت و پاش راکردنێکی تاقەت پڕوکێنی تر لە دەستیان دەرباز دەبێت. دەشێ ئەم چیرۆکە وا لێك بدرێتەوە کە مرۆڤ بە درێژایی ژیانی رادەکات و دواجار لە جێگایەکدا ئارام دەگرێت کە گۆڕە. لەم چیرۆکەشدا بوونەوەرە سەیر و سەمەرەکان دەردەکەونەوە، بەڵام جیاواز لە چیرۆکی دووەم کە بوونەوەرەکان لەوێدا جەستەیان بچووك و سەریان زل بوو، لێرەدا بوونەوەرەکان لە شێوەی مرۆڤدان بەڵام ئەندامانی جەستەیان زیاترە چوار قاچ و دوو سەر و هتد دەبینین.

چیرۆکی هەشتەم: دڵم دەلەرزی:

لەم چیرۆکەدا کە بە راناوی کەسی یەکەمی تاك گێڕدراوەتەوە، بۆ یەکەمجار پەیوەندی نێوان سیدرا و گێڕەرەوە ئاشکرا دەبێت کە هەم خۆشەویستی یەکن و هەم دڵسۆز و پشت و پەنای یەکن و ژوان و پێکەوە بوونیشیان هەیە. کارەکتەری سەرەکی چیرۆك لە جیاتی ئەوەی لە ماڵی سیدرا بمێنێتەوە و عەیش و نۆشی خۆی بکات، سواری گای هار دەبێت و خۆی ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە. وەك ئەوەی



www.kurdishbookhouse.com

خۆی کردبێت بە توونی بابادا و دەرچوونی بۆ نەبێت، لە لێواری مەرگ نزیك دەبێتەوە هەتا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی سیدرا. ئەگەرچی خوێنەر لەگەڵ کارەکتەری چیرۆکەکەدا دەکەوێتە دڵەڕاوکێوە و ترس دایدەگرێت، بەڵام هاوڕای دەرچوونی نییە لە ماڵی سیدرا. ئەم چیرۆکە دنیایەکی ترسناکی وەکو فیلمە کۆرییەکانمان بۆ دەخولقێنێت و چەندان سوار دەنیشنە سەر کارەکتەری چیرۆکەکە بەو مەبەستەی پارچە پارچەی بکەن، کەچی وەك ئەوەی موعجیزەیەك روویدابێت قوتار دەبێت و نە سوارەکان و نە لافاو و وەیشوومەی ئەو فەزایەی چیرۆکنووس دروستی کردووە کۆڵی پێنادەن و تەسلیم نابێت.

چیرۆکی نۆیەم: سیدرا رۆیشت و دنیا سێ پیتە:

ئەم چیرۆکە لە هەموو چیرۆکەکانی تر کورتترە و ئەمیش بە کەسی یەکەمی تاك نووسراوە. زۆربەی چیرۆکەکە لەوێدا روودەدات کە کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە چاوەڕێیە سیدرا لە حەمام بێتە دەرەوە و ئامێزی گەرمی بۆ بکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی کارەکتەری سەرەکییەوە سیدرا لە حەمام دێتە دەرەوە و دەفرێت. ئەمەش نیشانەیەکی زیرەکانەیە بۆ کۆتایی هێنان بەم کۆمەڵەچیرۆکە و لە هەمانکاتیشدا کۆتایی چیرۆکەکەش کراوەیە و نازانین سیدرا دێتەوە سەرزەوی و بەهاوکاری گێڕەرەوەیەکی دیکە کۆمەڵێ چیرۆکی دیکەمان بۆ دەگێڕێتەوە یان نا؟ کەواتە دیسان خوێنەر بەشداری دەق دەکات و هەر خوێنەرەش بەپێی خەیاڵی خۆی کۆتایی بۆ چیرۆکەکە دادەنێت کە لە هەمانکاتدا دەبێتە کۆتایی ئەم

www.kurdishbookhouse.com

کۆمەڵەچیرۆکە یان دەستپێکی کۆمەڵەچیرۆکێکی دیکە. کۆتایی کراوە یەکێکە لە خاسیەتەکانی دەقی پۆستمۆدێرن کە هەموو شتێك وەکو هێلکەی پاکراو ناخاتە بەردەستی خوێنەر و خوێنەریش بەشداری پێدەکات لە نووسینەوەی دەقدا یان خوێنەر ئەو بۆشاییانە تەواو دەکات یان پڕ دەکاتەوە کە نووسەری دەقی پۆستمۆدێرن بە ئەنقەست بۆی بەجێدەهێڵێت.

ماوەتەوە بڵێم دەستخۆشی لە هاوڕێی چیرۆکنووسم مەحمود نەجمەدین دەکەم بۆ ئەم کۆمەڵەچیرۆکە و هیوادارم لە بەرهەمی داهاتوویدا بە دنیایەکی جوانتری دەق ئاشنامان بکات، کە من بێگومانم خوێنەرانی نائومێد ناکات و هیچ کۆسپێك جووڵەی زیرەکانەی راناگرێت.

■ هاوڕێمان بن لە ماڵی کتێبی کوردی:

■ **Telegram:** https://t.me/kurdishbookhouse

www.kurdishbookhouse.com